# دیوانی سالم ۲۰۱۵

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردە)**

کەمێک ئاشنایەتیم لەگەڵ سالم پەیدا کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە ناو نووسینەکانمدا بە دەیان جار ناوی هاتووە و قسەم لەسەر شیعرەکانی هەبووە. ماوەیەک پێش ئێستا دیوانە تازەکەی (٢٠١٥)م(١) خوێندەوە بۆ ئەوەی وشە و زاراوەکانی فۆلکلۆری نێو وێنە و دێڕە شیعرەکانی تۆمار بکەم، بەڵکو وەک باسێک بڵاوی بکەمەوە. ئەو خوێندنەوەیەم بووە هۆی ئەوەی هەندێک تێبینیم لەلا دروست بێت و بەو هیوایەی گیانی سالم ئاسوودە و شاد کردبێت.

– ئەو هەموو هێماو ئیشارانەی خاڵبەندی [–، – ؛ – : – ! – ؟ – ؟! – " " – ( ) ] کە لەو دیوانەدا تۆمارکراون، کۆمپلێتی زیاد و بێ سوودن، دیوان و شیعری کلاسیکیمان قبووڵی خاڵبەندی ناکا، لە نێو دەسنووسەکاندا بە دەگمەن ئەگەر ئیشارەیەک، یان شتێکی لەو بابەتەی تێدابێ! هەموو ئەو هێما و ئیشارەتانە بە خوێندنەوە نامێنن و دەتاوێنەوە، خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیمان و سیحرەکەی عیلاج و چارەی هەموو ئەوانە و شتی تریشن.

– نیشانەی وەستاو، یان سکوونی عەرەبی (سْ، شْ، دْ، ... تاد)، لە سەر هەموو ئەو وشانەی نێو دیوانەکە هاتبن دوور و نزیک هیچ پێوەندی بە زمانەکەمانەوە نییە. ڕێنووسێکی زۆر ناڕێک و نامۆی سەردەمییانەیە و بە ڕاستی مۆدیلی شتی لەو بابەتانە نەماوە! ئەم هەڵە زل و گەورانە بۆ ڕێنووسی زمانەکەمان لە (شێرپەنجە) ترسناکترە، نازانم ئەو نووسەرە بەڕێزانە چۆن ئەو جورئەتەیان کردووە، دەستکاری ئەو شتە پیرۆزە بکەن. (ل٣ ڕاسْتی، ل٣٥ کاشْکی دادەدْڕا، ل١٤١ سەڕْوی، ئیدریسْ، ١٩٧ موشْکْفْشان، ل٢٨١ (٩) جار ئاشکار، ل٥٢٦ ڕۆزگار، ل٨٠٦ مەذبووحْ وار).

شتێکی زۆرم بۆ ئەم بابەتە نووسی، پاشان پەشیمان بوومەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم: لە بەر ئەوەی زمان و ڕێنووسەکەمان پێویستییان بە سەرو - ژێرو - بۆر - هەبوو پیتیان بەرانبەر دانا و کەموکووڕییەکانیان پێ پڕکردەوە. بۆ ئەو نیشانەی وەستاوە، لە بەر ئەوەی دەستووری زمانەکەمان پێویستی پێ نەبووە، بۆیە هیچ حیسابێکیان بۆ نەکردووە.

ئێمە لە سەدەی (٢١)دا دەژین کەی ڕەوای حەقە، هەر کەسە و لە ڕاستەخۆی ئەو جۆرە گەمە و گاڵتانە بە ڕێنووسی میللەتەکەی بکات و نەخاسمە ئێمەی کورد تەجرەبەیەکی زۆر فاشیلمان لەو بابەتە بەڕێ کردووە ئەویش ڕێنووسەکەی (کۆڕی زانیاری کورد و دیوانی نالی و بڵاوکراوەکانی تری بوو)، پاشان چ بە نەوەی دوای



سالم

خۆمان بڵێین!

– ئەو دێڕە شیعرە لە دوو شیعردا دووبارە بووەتەوە:

**لە وەختێکا لەگەڵ تۆ ئاشنا بووم**
**نە مانیع بوو، نە حاجیب بوو، نە ئەغیار     ٢٧٤**
**لە وەختێکا لەگەڵ تۆ ئاشنا بووم**
**نە حاجیب بوو، نە مانیع بوو، نە ئەغیار     ٢٩٦**

ل٤٥ بۆ واتای ئەم دێڕە شیعرە:

**عالەمی ئینسانییەت لاچوو لەلای ئەمن و ئەوی،**
**من لە تاو عیجزی ضەمیری، ئەو لە بەر فەقدی وەفا**

بێ ویژدانی و بێ وەفاییەکە هەردووکیان هەر بۆ خانەخوێیەکە دەگەڕێنەوە، نەک بۆ هەردووکیان.

– نالی دەڵێ:

**بینابیم کوێرە هەڵنایێ بە ڕووی کەس**
**موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ     ٨٥(٢)**
**ل٦٩٧ لە ئاهی سەرد یەخی بەست، ئەشکی گەرمم**
**موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە ئەمشەو**

نالی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری بەسەر (سالم)ەوە هەیە، لە کتێبی (کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لە سەر یەکتریدا / ٢٠٠٧ ) زۆر باسم کردووە. دەبا لێرەکانە ئیشارەتێک بنووسرابا.

ل٨٣٠ ئەو قەسیدەیەی بۆ عەبدوڵڵا پاشای بابان نووسراوە: ئەوەی لە سەرچاوەکان هاتووە ئەم کابرایە هی ئەوەی نەبووە سالم (٤٢) دێڕی بۆ بنووسێ و ئەو گرنگییەی پێ بدا. هاتنەوەکەشی دیارە بۆ کارێکی زۆر سادەی ئەو کاتە بووە، ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ، بۆ ئەم جارە با ئەوەندە بەس بێت.

– هەموو حۆرییەکانی نێو ئەم دیوانە بە پەری لێکدراونەتەوە، ئەمانە زۆر لێک جیبیان،

حۆری پەری نییە، بوونی هەیە: واتە کچە زۆر جوانەکانی بەهەشتن. پەری بوونی نییە، تەنیا لە حەقایەت و ئەفسانەکانی کوردەواریمان وەک پاڵەوان و کەسی سەرەکی ناویان هاتووە. هەر لەم بابەتە ئێمە شای پەریانیشمان هەیە، کە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە ناو بێ بۆ ڕەگەزی نێر و مێ. حۆری تەنیا ناوە بۆ ڕەگەزی مێ. لە ل٤٠ پەری چیهرە هاتووە، بە ڕوخساری شێوەپەری لێکدراوەتەوە و باسی حۆری نەکراوە. ل٤١ حۆری لیقا بە پەری شێوە و ڕوخسار لێکدراوەتەوە.

– ل٣٣٠ دەمێکە ئەوە بڕاوەتەوە کە ئەم قەسیدەیە:

**جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر**
**ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەطەر**

وەڵامە شیعرە، نەک نامەی شیعری و تایبەت بە سالم! قەسیدەکەی نالی بۆ سلێمانی نووسراوە، نەک بۆ سالم.

– هەموو ئەو (دەعبا)یانەی بۆ ئەندامی نێرینە واتە: کیر، یان کێر نووسراون، یان لێکدراونەتەوە لابرێن، ئەو و ئەوانی تریشیان لەگەڵ شیعرەکان ناگونجێن و ڕێک ناکەون! سالم بۆ خۆی کێری نووسیوە و هیچ شەرمیشی پێ نەبووە و شەرمی لە کەسیش نەکردووە! ئێمە تازە بە تازە ئەم ناوە بە دەعبا دەگۆڕین، یان بەرانبەری دەکەین.

– ل٨٤١ لە بابەتی چۆن پیت دەکرێ بە ژمارە، دەبێ ڕەچاوی دوو مەرجە سەرەکییەکە بین: دەبێ نووسینەکە بە ڕێنووسی عەرەبی بێت، لە ناو دوو کەوانەدا بێ: (حاتمی بخشش)

ح ٨    ا ١    ت ٤٠٠    م ٤٠    ی ١٠    ب ٢
خ ٦٠٠    ش ٣٠٠    ش ٣٠٠ = ١٦٦١

ئاشکرا دیارە خەلەل و ناتەواوی و هەڵەیەک لەناوەوەیە.

ل٨٥١ ڕێنووسی شیعرەکە و بە تایبەتی وشەکانی سەرووای (گرەھ، زرەھ، کولەھ، سوپەھ، شەبەھ، پادشەھ) نووسین و گۆکردنیان هەروا ئاسان نییە، بە لەهجەی ئێمە زۆر نامۆن و ئیللا لەم دیوانە ئەمە بینراوە.

- هەموو (شۆڕش)ـەکان بکرێن بە شۆڕش.
- هەمــوو (دونیــا)یەکــان بکرێن بە دنیــا، (ئەمــانە حوکمی نووسینی دەسنووسەکانن).

ل٢٨ شەرکێ، بە ڕای من ئەم وشەیە عەرەبی و جلفییە واتە: شەرگی = شەرقی، سالم خۆشی باسی با دەکات، لێکدانەوەکە چی لێ دێ!

ل٢٩ گـێـژی نەمــروود: کـە نەمــروود بێ تامی کـرد و زۆری لە ستـەم و بێ دینی تێـپـەڕاند، باری تەعـالا بە پێشکە زەلیل و سەفیلی کرد. کورد لە مێژە گوتوویەتی: خـوا بە سـەبرە، ئەمـان بە زەبرە. باوکم دەیفـەرمـوو: ئەو پێشکەیە وا گێژ و بێ زاری کردبوو بە کوتکی لە سەرو گـوێلاکـیــان دەدا بۆ دامـرکـاندن و هێـورکـردنەوەی ئەم گێژییە، تا جارێکیان لەبەر هێزی لێدانەکە مێشکی لە کونەکەپووی هاتە دەرێ و فەوتا.

- هەندێ ڕێنووسی ئەم دیوانە:

٢٥ دوندان، ٢٩ دامەن سیا، ٦١ دامەنبۆسیبی، ٢٦ و ٥٧ ســیــرعــەت، ٢٦ بـولەندی ٢×، ٤٧٧، ٥١٤، ٦٦٦، ٨٠٤، ٣٢ سنک - لەغــاو، ٣٥ بەرووی، ٤٣ دەست کەش، ٥١ خاکیسـتـەر، ٦٥ عەدوو (واوەکە بە خـۆی زەمۆکـەیە)، ١٤٠ کــەهـ، ١٦٦ دەخـۆند، ٤١٠ عـــاشـــیق، ٤١٨ پولەنگ، ٦٦٦ دەجلە، ٤٢ دەست کـەوێ، ٤٩ سـەنگکرۆژ، ٦١ طەڵەبکارم و خوونریزی، ٦٥ صوبح دەم، ٩١ شاهڕا، ٩٤ شەبرەوی، ٩٩ کاتیب، ٩٦ گـەردنکەچی، ١٠١ شـەبرەنگت، ١٢٤ یەک دەم، ١٣٦ تێ مەگەن، صوبح دەم، ١٩٩ سییەهـ چەشمان و خـوونفـشــانە، ٤٨٦ لێ دەم، (ئەمــەندە تەنیـا وەک هەندێک نموونە نیشاندراون ئەگەر نا یەکجار زۆرن).

ل٣٢ سنک نییەو سنگە، کە شتی پێ دەبەسترێتەوە.

**ل١٣١ لە عەرصەی ئەوجی عیشقت، بازی دڵ هەڵسا لە دەورانا**

**بە بەرقی پەرتەوی حوسنت، پەڕی سووتا لە طەیرانا**

لە ژمـــارە (٣٩)ی ٥ / ٩ / ١٩٩٩ گــۆڤـــاری (ڕامـان)ی خۆشـەویست دا لەسـەر ئەم شـیـعـرە قـسـەم هەبووە:

- سالم یەکەم شاعیرە باسی لە نالی کردبێ.
- نالی لای سالم ئەوەندە گەورە و مـەزن و بەڕێز بووە بە حەزرەت ناوی هێناوە.
- لەم پارچە شیـعـرەدا سالم نازناوی تاقـە سواری بە نالی بەخشیوە. (کە شیعری ئەویش نییە..؟)
- یەکەم شاعیرە شیعری نالی تەخمیس کردووە.

دواتر دەڵێم: وا تێبگەم ئەم شیعرە هی سالم نییە، من تێبـینی خـۆمم هەبوو، مـامۆسـتـای بەڕێزیشم د. مـارف خـەزنەدار ئەویش ڕاو تێبینی هەیە لەو بابەتە و ڕایەکـەم زیاتر پشت ئەستوور بوو.

بۆ زیاتر ڕوونکرنەوە (٢) خاڵ نیشان دەدەین:

أ/ شـێـوازی هەمــوو شـیـعـرەکـە لە سـالم دوورە و بە تایبەتیش کە دەڵێ: لەیەک لا (نالی و مەشوی) لە لایێ (سالم و کوردی) من وای بۆ دەچم کە ئەم ئسلووبە زۆر لە عەقڵییەتی (سالم)ـەوە دوورە.

ب/ ئەم دێڕەش ڕاکەمان بە هێزتر دەکات:

**لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەرکەبی مضمون**

**بە کوردی هەر یەکە تازی سوارێ بوون لە (بابانا) ٣٥**

ئەو دێڕە بە ئاشکرا دیارە باسی سەردەمێک دەکات کە ڕابوردبێت و سـەروەری و شـانازییـە کـۆنەکـان بـۆ نەوەی سەردەمی دواتر نیشـان بدرێ، مـامۆستـام فـەرمووی ئەم شیعرە زیاتر لە ئسلووبی حاجی نزیکترە وەک لەوانی تر.

بۆ ئەم چاپە و ل١٣٣ دەڵێم: ئەو چەند ڕسـتــەیەی تۆمـارکـراوە، هەمـوو ئەو ڕاو بۆچوونانە زیادن و هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕن، چونکە لە دنیای شیعر و ئەفراندن و داهێناندا ، ئەم جۆرە بڕیارانە کۆمپلێتیان ڕەت دەکرێنەوە و بە هیچ شێوەیەک ناچنە نێو بابەتی زانستییەوە. (زۆر ڕێی تێ ناچێ، یان لەوانەیە بلێین، ئەگینا پێمان وایە)، (ئەوە لەوەی شــاعـــیــرترە، ئەوە لەوەی بردووەتەوە، نەگەییوەتە ئەو...)!

ل١٤٩ غـــوراب لەبەر ڕەنگی = ڕەشی و تـاریکی، واتە: تـاریکسـتـان و ظوڵمـەتسـتـانی پێش گـەیشتن بە ئاوی نەمری و جاویدانی هاتووە.

ل٣٠٣ لەوچە: قـەوچە، قـسـە نارەوان و دەم خـوار. ئەگەر نێرەکەر و ماکەر پێک بگەن، ماکەرەکە دەست بە لەوچە لەوچان دەکات.

ل٣٠٢ لۆنگ = پەشـتـەمـاڵی حـەمــامێ، ئایا پەشتەماڵی حەمامێ لە پێ دەکرێ!

ل٣٨٠، ٤٤٩ فـەن: سـالم جگە لەم وشـەیە فنوون و هونەر و... تاد. بەکار هێناوە. هەمـوو ئەو (فـەن)انە بە فێڵ لێکدراونەتەوە، لە ناو کوردەواری خۆماندا فەندە لە مـەسـەلەکـانیش هاتووە (پیـاو چی لە پیـاو زیاترە فـەند)

واتە: لێزانی و زۆرزانی.
ل٤٠٨ مـــەفـــرەق: بە برنجـــە، زەرد لێکدراوەتەوە. مـەفـرەق: جۆرە کـانێکە (مـەعـدەن)ـە تووجـیـشـی پێ دەڵێن، ڕەنگی زەردە، تێکەڵ بە زێڕ دەکرێ.
ل٤٤٠ مـشـکی: دوو دێڕ زیاتری لە بەرانبەر نووسـراوە و نیـشـانیـشـیـان نەپێکاوە! ئەویش واتای جـۆرێکە لە پارچەی ئاوریشم کـە دەکـرێتـە پێـچی سـەر، شـەدە. مـشکی: وەک جامـانە، یان جـەمـەدانی پیاوان لەسـەری دەنێن و ڕەنگەکەشی ڕەشە.
ل٤٥٣ دەفن: ئێـمـە دەڵێـن: کـفن و دفـن، دەفن واتای تری هەیە!
ل٦٥٤ – ٨٩٧ ئەسکەندەر، ذی القـرنین، سکەندەر: لە بەر هەر هۆیـەک بـووبێت، تێکەڵـیـــیـــەک لە نێـــوان ئەسکەندەری مـەگـدۆنی و (ذی القـرنین) کـراوە. لە باسێکمدا بە ناوی (حاجی چۆن باسی نالی دەکـا)، کە لە ژمـارەی (٢٠)ی ٥/٢/١٩٩٨ گـۆڤـاری (ڕامـان)ی خۆشەویست بۆ لێکدانەوەی ئەم دێڕەی حاجی:

**سەد قوببەیی خەوەرنەق و سەددی سکەندەری**

**ناگاتە بەیتە کاولی (نالی) و مەتانەتی ١٥٨**

سەددی سکەندەر: ئەو بەربەستە کۆن و بە ناوبانگەیە کـــە دروست کـــردنەکـــەی دراوەتە پاڵ (ئەسکەندەری مەگدۆنی)، کە لە قـورئانی پیرۆز بە ناوی (ذی القرنین) لە سوورەتی (کەهف) باسی لێوە کراوە.
هەر چەندە ئەو ناوە (ذی القـرنین) لە کـتـێـبـەکـانی تەفسیر و فەرهەنگەکان و سەرچاوە مێژووییەکان دەیدەنە پاڵ ئەسکەندەری مەگدۆنی، بەڵام ڕای واش هەیە دەڵێ: (ئەو سـەددەیە لەگـەڵی "داریال"-ـە و کـۆرش دروسـتـی کردووە)(٣) لەگەڵ ڕوونکردنەوەی زیاتر.
ل٨٢٣ لە مـەتنەکـەی ژمـارە(٧)، لە پەراوێزەکـە بووەتە(٨)
ل٨٤٠ لە مـەتنەکـەی شـەک = گـومـان نووسـراوە، بە شک لێکدراوەتەوە و لە ل٥٣٩ لە مـــەتنەکـــەی شک نووسراوە.
ل٩١٠ کـاشکی: خۆزگە، هەمـوو (کـاشکی)یەکـان لە ڕووی مـاناوە شـوێنیـان لە سـەرەتای بەیتـەکـاندایە. لە ڕووی ماناوە و بە پێی دەستوورەکانی ڕێزمان لای شاعیر ئەم گوتەیە ناخوا! لە مێژە وتراوە: (یجوز للشاعر ما لا یجـوز لغـیـرە). ئەو شـاعـیـرە و دەزانی چی دەکـات، چ پێویستی بە ڕای من و یەکێکی تر نییە!
ل٩٤٢ جـودەی، جـەدەی، جـەدی، لە دوو ڕسـتـەدا بەم سێ ڕێنووسە تۆمار کراوە.
– لێکدانەوەی دێڕە شیعرەکان: ٢٢ – ٣، ٢٨ – ٢ و ٣، ٣٣ – ٣، ٣٤ – ١ و ٢، ١٤١ – ١ ، ١٤٩ – ١، ٥١٢ –
٨٣٣ – ٣، ئەمەندە نموونەمان پێ بەس بوو.
– بۆ واتای وشـەکـان و لێکدانەوەی دێڕە شـیعـرەکـان، پەلەپەل و هەڵەهەڵێکی زۆر ئاشکرای پێوەی دیارە.
– بۆ هەموو ئەزەل و ئەبەدەکان:
ئەزەل = ســــەرەتای نادیـار. لە ل٨٥٩ و پەراوێزیدا هاتووە، ئەزەل: بێ سەرەتا.
ئەبەد = کۆتایی نادیار،
ل٧٠٥ شکۆفە = گوڵی داری بەردار.

## لەمەڕ کێشەکان

ل٥٧ تەفعیلەی چوارەمی مفاعیلن = دیـ میـھ ـری تۆ، واتە یایەک زیادە.
ل٦٤ بە دوو نیـــیـــەت: یایەک زیادە، بە دوو نیـ یەت = مفاعیلن.

**ل٦٩ ئەگەر ئاوی بەقای نۆشیبێ دوشمن، فایدە نادا**

ئەم نیوە دێڕە ناتەواوە و کێشەکەی لەنگە.
ل١٤١ (مـووسا) لەبەر کـێـشی شـیـعـرەکـەی کـراوە بە (مـووسە)، ئەمـە هیـچ پێوەندی بەم مەسـەلەیەوە نییـە، لەگـەڵ خـوێندنەوەی وشـەکـان کـورتی و درێژی پیـتـەکـان بەگوێرەی مەبەست دەردەبڕێ وەک: موو/ سا / ئەر/ بڕ/ = فاعلاتن، درێژەو کورت دەکرێ.
ل١٤٥ بە / قە / را / ڕێ/ = فـاعـلاتن، کـورتەو درێژ دەکرێ،
دە / گـــە / ڕێم / ها/ هەمـــان شـــتی ســـەرەوە، (چەندانی تریش هیچ ئیشارەشیان پێ نەدراوە).
ل٧٧٢ – ٣ وشـەی سەرواکەی هەمئاغۆشە = نییە بە مفاعیلن. ئالێرە دەبا تێبینییەک درابا کە دەبێ بەم جۆرە بخوێنرێتەوە: هەماغۆشە = ب – – – = مفاعیلن.
ل٨٠٠ وشـــەی خـــانەقـــا بە خـــانەقـــاھ نووســـراوە و کێشەکەی تێکداوە، خانەقا = فاعلا – ب –
حەزفی هاتووەتە سەر. خانەقاھ = فاعیلان – ب – .
سەرواو پاش سەروای شیعرەکان

سەرواکەی بەگوێرەی زۆری و کەمی:

| دەنگەکان | ژمارەی شیعرەکان |
|---|---|
| ئـ، ە، (ھ)(*) | ٥٩ |
| أ | ٤٧ |
| ر، ێ | ٣٣ |
| م، ن | ٢٩ |
| ت | ٢٧ |
| وو | ٢٦ |
| ی | ٢٥ |
| و | ١٥ |
| ب | ٨ |
| د | ٦ |
| ش، ۆ | ٥ |
| س، ق، ک، ل | ٣ |
| پ، ج، ح، خ، ص، چ، گ، ڤ، غ، ف، گ | ١ = ٣٧٦ شیعره |

- له جوانی سەروادا چەند نموونەیەک نیشان دەدەم:

**ویردی زوبان و فیکری دڵ، شەرحی فیراقە سەربەسەر**
**هەڵدەقوڵێ لە عەینی چاو، خوێنی جگەر شەمەر شەمەر**
**زوڵفی سیاهی پڕ خەمی، حەلقە بە حەلقە چین بە چین**
**دەستە بە دەستە تا میان، سیلسیلە جۆکەمەر کەمەر**
**٣٤٤، ٤٠٦**

**یادی تۆیە، صەنەما! یەک بە یەک ئەندێشیی من:**
**شوغڵی من، شێوەیی من، فیکرەتی من، پیشەیی من:**
**نەخلی هەستیم بە جەفا سەبزە لە باغی دونیا**
**شاخی من، غوصصەیی من، میحنەتی من، ڕیشەیی من ٥٧٤**

**سەهی قامەت، قەوی شەوکەت، قەمەر طەڵعەت، مەلەک خەصڵەت**
**کەمان ئەبرۆ، نیگە ھ ئاهوو، فەڕەنگی خووی موو موشکین**
**بە ڕوخ وەک شەم، بە ئەبرۆ خەم، سیە ھ پەرچەم، لە من بێ غەم**
**گوارەی تو کە هات و چوو، (موقارین بوو مە ھ و پەروین) (؟) ٦٠٢**

**وێڵ فیراری عیشقی تۆم، شەهر بە شەهر و سوو بە سوو**
**پوشتە بە پوشتە، تەل بە تەل، دەشت بە دەشت و کوو بە کوو**
**قەیدە لە گەردنی دڵم زوڵفی سیاهی پڕ خەمت**
**حەلقە بە حەلقە، چین بە چین، عوقدە بە عوقدە، موو بەموو**
**٦٦٦**

**کارییە دەردم لە دڵدا، داد، هەی بێ دادی**
**کوا حەکیمی نەبچی من، فەریاد! هەی فەرهادی**
**خارە موویەکە لەژێر گورزی غەما، ئەی دڵ! عەجەب**
**سەخت ڕوویی تا بە کەی، فوولاد، هەی فوولادی ٨٨٨**

- له خەوش و ناتەواوییەکانی سەروا:

ل٥٨ (له مەحشەردا) وەک وشەی سەروا لەدێڕی یەکەم و چوارەم هاتووە.

ل٢٤٤ له دێڕی یەکەم سەرواکەی وا تۆمار کراوە: عیلاج، خاج. ئەم شیعرە (١٠) دێڕەو سەرواکەی (اج)ـە، وشەی سەروای نیوە دێڕی دووەم لەبری (خاچ) خاج تۆمارکراوە.

ل٣١٤ بۆ سەرواکەی هەردوو دەنگی (ر لاواز ڕ قەڵەو) تێکەڵ کراون.

ل٤٢٠ هەمان شت بۆ (ڵ قەڵەو ل لاواز).

## پاش سەرواکان

- یەک جار:

١ (دەردەخا)، ٣ (نادا)، ٦٣ (پەیدا)، ٩٣ (شکا)، ١٠٩ (نەکا)، ١١٦ (مەلا)، ١٢٩ (نەما)،

١٣٤ (هێنا)، ١٦٢ (حەبیب)، ١٦٥ (هات)، ١٧٦ (گرت)، ١٨١ (ڕاست)، ١٨٤ (اوست)،

١٨٧ (دوست)، ١٩٠ (دۆست)، ٢٢٩ (عاقیبەت)، ٢٣٤ (زەحمەت)، ٢٣٨ (ڕەشت)،

٢٤١ (عەبەپ)، ٢٥١ (باد)، ٢٥٤ (بوو، ئەویش ڕابورد)، ٢٦٥ (ئەحمەد)، ٢٨١ (ئاشکار)،

٣٠٤ (یار)، ٣٤٨ (بە عومەر)، ٣٥٣ (مەگەر)، ٣٩٢ (مەخصوص)، ٣٩٧ (خودا حافیڤ)،

٣٩٨، (الوداع)، ٤١٠، (مانیع)، ٤٢٣، (بۆ دڵ)، ٤٢٥ (دڵ)، ٤٢٧ (بم، تابم)، ٤٤٧ (کەسێکم)،

٤٤٩ (دەیزانم)، ٤٦٣ (هەموو دەم)، ٤٨١ (دەکەم)، ٤٨٤ (جانانەم)، ٥١٩ (ئاسمان)،

٦١٢ (بە حوسەین)، ٦٥٢ (تو)، ٦٥٧ (چوو)، ٦٨٤ (هەموو)، ٧٣١ (ئەمڕۆ)، ٧٣٣ (مەچۆ)، ٧٣٦ (طەڵەبە)، ٧٩٢ (موشکیلە)، ٨٩٣ (دی)، ٩١٠ (کاشکی)، ٩٣٢ (دەی)، ٩٤٩ (دەکەی)، ٩٦٥ (ببێ)،

٩٩٩ (دەبارێ)، ١٠٠٥ (دەڕژێ)، ١٠١٢ (چ بە چ)، ١٠١٤ (بدەمێ)، ١٠٢٥ (دەڕژێنێ).

- دوو جار:

٨٨ - ٩٠ (کا)، ١٩٣ - ١٩٥ (هات و گوزەشت)، ٢٦٧ - ٢٦٩ (کاغەذ)، ٣٦٤ - ٣٦٧ (ظاهیر)، ٤٢٩ - ٤٣٢ (بم)، ٤٦٩ - ٤٧٣ (ناکەم)، ٤٧٦ - ٤٧٩ (کەم)، ٥٦٢ - ٥٦٤ (عەیان)، ٨١٤ - ٨١٧ (منە)، ٨٣٠ - ٨٤٢ (هاتەوە)، ٩٨١ - ٩٨٣ (دەبێ)، ٩٨٨ - ٩٩٠ (نەبی).

- سێ جار:

٧٢٥، ٧٢٧، ٧٢٩ (تۆ)

٩٥٨، ٩٦١، ٩٦٣ (نابێ)

١٠١٧، ١٠٢٠، ١٠٢٣ (دێنێ)

- چوار جار:

٥٦٧، ٥٦٩، ٥٧٢، ٥٧٤ (من)

٨٦٣، ٨٦٥، ٨٦٧، ٨٧١ (هەیە)

- پێنج جار:

٩٦، ٩٨، ١٠١، ١٠٣، ١٠٦ (دەکا)

- شەش جار:

٨٧٣، ٨٧٥، ٨٧٧، ٨٨٠، ٨٨٢، ٨٨٥ (نییە)

- دە جار:

٩٥٦، ٩٦٧، ٩٦٨، ٩٧١، ٩٧٤، ٩٧٦، ٩٧٧، ٩٧٩، ٩٨٦، ٩٩٣ (بێ)

- یازدە جار:

٦٨٦، ٦٨٨، ٦٩٠، ٦٩٢، ٦٩٤، ٦٩٥، ٦٩٧، ٦٩٩، ٧٠١، ٧٠٤، ٧٠٧ (ئەمشەو)

- چواردە جار:

٦١٧، ٦١٩، ٦٢٢، ٦٢٤، ٦٢٦، ٦٣٠، ٦٣٢، ٦٣٤، ٦٣٧، ٦٣٩، ٦٤١، ٦٤٣، ٦٤٥، ٦٤٨ (بوو)

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

**(١) سالم (دیوان)، ساغکردنەوە و لێکدانەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس - فاتیح عەبدولکەریم - محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردن: سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٥.**

**(٢) نالی (دیوان)، مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(*) تاکەی ئەم هەڵەیە ئاوا بەردەوام دەبێت! ئەمە کەی دەنگی هایە، من لە چاپکردنی دیوانی حەمدی ئەو هەڵەیەم لە گۆڕنا.**

**(٣) ابوکلام آزاد، زەردەشت، وەرگێڕانی ابراهیم عمر، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٦٧، ل١٥٦.**

**(*) ئەم ڕایە لە زۆر ڕووەوە لە ڕاستییەکان نزیکترە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەسکەندەری مەگدۆنی خوا نەناس و بتپەرست بووە و (وەسەنی) ڕۆژئاوا، کۆرشیش خواناسێکی ڕۆژهەڵاتی و نزیک بە ناوچەکە. (لە ئەتلەسەکانی ئێستا جێگای لە ناوەڕاستی ناوچەی "کیوکز و تفلیس" دیار دەکرێ). (سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦).**

**دروستکردنی ئەو سەدەیە بۆ ئەو هۆیانە دەگەڕێتەوە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە خەڵکەکانی ئەو ناوچانە (هاواریان بۆ "ذی القرنین" هێنا وتیان: ئەی "ذی القرنین" بە ڕاستی نەژادی تورکی مەغۆل کە وەک ئاگری سوورن و مەشهوورن بە "یأجوج"و "مأجوج" هەمیشە خراپە دەکەن و ئادەمیزاد دەکوژن و داراییمان بە تاراج دەبەن و کشتوکاڵمان دەسووتێنن).**

**(مەلا عبدالکریمی مدرس، تەفسیری نامی، بەرگی پێنجەم، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٤٠٣ھ - ١٩٨٣م، ل٦٤).**

**لەبەر ئەو هۆیانە دەرکی، یان زار گەلییەکەیان بە قورقوشم و ئاسن بەند کرد، بۆ ئەوەی ئەو تورکە مەغۆلانە نەتوانن بۆ ئەوبەری تری گەلی ڕایال بپەڕنەوە و تۆوی ئازار و ئەشکەنجە و خراپەکاری لەو ناوچانە بچێنن و بڵاوی بکەنەوە.**

**(*) بۆ واتای هەندێ لە وشەکان، تەماشای هەمبانە بۆرینەی مام هەژار کراوە.**